

# گۆرانیەکانی باران

ئەحمەد عەلی
Ahmadali525@hotmail.com
تەموزی 2001

بۆنێ ...لە گەڵ نیگا بریندارەکانی
ئێوارانی ماڵئاوایی هەتاودا تێکەڵ دەبوو
نمەیەك...دەپرژایە سەر گەڵا نائومێدەکانی دڵمان
کە بە هەناسەی ساردی حەسرەتێ هەڵوەرین
ماچێ...بە نابەڵەد دەیبردمەوە کۆڵانە مەحرومەکانی مناڵیم ...
لەبیرمە... کاتێ ئەم خەمە ئەزەلیە
لەباڵای گوڵە نێرگزی خەونەکان دەئاڵا
هەتاو درەنگ هەڵدەهاتوو عەسرانێکیش ئاوا دەبوو
ئەوسا ئەستێرەکان ...چیەیان بۆ دڵی شکاوی شەو دەکرد
تا ئێمە خەونێکی وەنەوشەیی ببینین ...
ئاخر دڵ هەر جێگەی عیشقوو ئومێدی تیا دەبێتەوە
ئیتر لە کوێ ئەم ئەبەدی بوو نەی وەحشەتە هەڵگرین ؟
هەنیسکی کۆستە تاڵەکانمان..قاقای شەوانی شادیمان
حیکایەتێکی درێژەو
وەفایەك لە تێپەڕینی کاتەکاندا نابینمەوە ....
ئاشنا ڕۆژانی بە سەر چووم
گەرچی دەزانم ئامێزانێکی تر زەحمەتە
بەڵام پاڕانەوەکانی سەر جێگەی مەرگ
ڕۆژێ ناخەنە سەر تەمەن ...
نائومێدیش لە غوبارێ زیاتر نەبوو
تا لە قەشەنگترین ڕۆژانی بە هاریشا وێڵمان کا
با دەم بخەینە نێو دەمی مانگەشەو
شەبەق ڕابین بۆ پێشوازی لە کازیوە
با لەبەر شەوقی ئەستێرەکانی ئەو شەوە تاریکانەی
کە ڕۆیشتنوو نەمانبینی نیگا لە نیگای یەکتر کەین
وەرەو لە کەنار دەریایەکی هێمنا
جارێکیتر لە خۆمانوو لە ڕەنگە پرتەقاڵیەکەی ژیان بڕوانین
وەرە با گوێ بۆ گۆرانیەکانی باران بگرین *

ئەم شیعرە لە نوسەری کورد دا بڵاو بوەتەوە لە2002